# چارەسەری ئیسلام بۆ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

( بەشی دووەم )

شێوەو چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم بابەتە لەو کاتەوە دەس پێدەکات لە پێش لەدایکبوونی ئافرەت، کە ئامۆژگاری پیاوان دەکات کە هاوژینی خاوەن بنەماڵەی باش و رێکوپێك هەڵبژێرێت، پێغەمبەر ( د.خ ) دەفەرمێت: «تخيروا لنطفكم فأن العرق دساس» ئەم فەرمودەیە ئاماژە بە هەڵبژاردنی راست دەکات بۆ ئەوەی وەچەو نەوە و فەرزەندی تەندروستی بۆ بێتە کایەوە.

ئیسلام نەخشەیەکی زۆر نایابی دارشتووە کە بەهیچ شێوەیەك توندوتیژی دروست نابێت گەر پەیرەوی ئەم فەرمودەیەی قورئان لە ناو خێزانەکانماندا کاری پێبکرێت، خودای مەزن دەفەرمێت :

(وَمِنْ آيَاته أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَات لِّقَوْم يَتَفَكَّرُونَ )الروم ٢١

لەم فەرموودەیەدا دوو پێگەی کۆمەڵەی رەوشت لە ئیسلامدا کراوەتە بنچینەی خێزان، ئافرەت پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ناو کۆمەڵی خێزاندا ئەو دوو بنچینەیە:

١ - پەیوەندی دڵسۆزانە و دوستایەتی.

٢ — لێبووردەیی وسۆزداری و بەخشندەیی.

کە خێزان بەم بنەمایانە کاری کرد بەهیچ شێوازێك توندوتیژی روونادات، ئێمە دەبێت باوکێکی دڵسۆز و کچێکی ژیر کە پیوەندی لە ناوی خێزاندا بە دڵسۆزانە رفتار بکات، مێرد بە بەخشندەیی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەڵسوکەوت بکات.

پێغەمبەر ( د.خ ) ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکات کە کاری لێدانی ئافرەتان کاری پیاوانی باش نین بەڵکو کەسێك کە رێز لە ئافرەت بگرێت وەدەستیان لێ بەرز نەکاتەوە ئەو لە کەس هۆشمەندو تایبەتەکان هەژمار دەکرێت زۆر دەق هەن کە پێغەمبەر ( د. خ) نەفرەتی لە لێدانی ئافرەتان کردووە لە وانە:

١ - أخرج ابْن سعد وَالْبَيْهَقِيّ عَن أم كُلْثُوم بنت أبي بكر قَالَت: كَانَ الرِّجَال نهوا عَن ضرب النِّسَاء ثمَّ شكوهن إِلَي رَسُول الله صلى الله عَلَيْهِ وَسلم فخلي بَينهم وَبَين ضربهن ثمَّ قَالَ: « وَلنْ يضْرب خياركم»

واتا : پیاوان قەدەغە بوو کە نابێت لە ئافرەتان بدەن، دواتر هەوڵیان دا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت کە ئافرەتەکانیان زیادەڕەوی دەکەن، ئەوجا پێغەمبەر

**ئێمە دەبێت باوکێکی دلسۆز و کچێکی ژیر کە پیوەندی لە ناوی خێزاندا بە دڵسۆزانە رفتار بکات، مێرد بە بەخشندەیی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەڵسوکەوت بکات.**



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر ڕێگەی پیان نەدا فەرمووی: ئەو پیاوەی نموونە بێت لە ئافرەتان نادات، ئیبنو عەباس کە کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو لە یاوەرانی پێغەمبەر ( د.خ ) باسی لێدان دەکات کە بە سیواك بێت: أخرج ابْن جرير عَن عَطاء قَالَ: قلت لِابْنِ عَبَّاس: مَا الضَّرْب غير المبرح قَالَ: بِالسِّوَاكِ وَنَحْوه، واتا سواك واتا بێ ئازاردان و سەر شكاندن و ئازاردان ...

بەڵکو تاهربن عاشور لە تەفسیری التحرير والتنوير ئەڵێت: زانایان بێ بەرین لەو فەرموودانەی پێغەمبەر ( د.خ ) کە باس لە لێدانی ئافرەتان دەکات وهیچ فەرموودەیەکی تەواو و دروستمان نییە لەم بابەتەدا بەڵکو پێچەوانەی هەیە، کە نەفرەت لە بەکار هێنانی توندوتیژی دەکات دژ بە ئافرەتان، بەڵکو ئیمامی عەتا کوڕی ڕباح دەڵێت: نابێت بە هیچ شێوەیك پیاو لە هاوسەرەکەی بدات بەڵکو گەر هەڵەیەکی کرد لێی تورە بێت.

٢ - وَأخرج ابْن أبي شيبَة وَأحمد وَالْبُخَارِيّ وَمُسلم وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيّ عَن عبد الله بن زَمعَة قَالَ: قَالَ رَسُول الله صلي الله عَلَيْهِ وَسلم: أيضرب أحدكُم امْرَأَته كَمَا يضْرب العَبْد ثمَّ يُجَامعهَا فِي آخر الْيَوْم، وَأخرج عبد الرَّزَّاق عَن عَائِشَة عَن النَّبِي صلي الله عَلَيْهِ وَسلم قَالَ: أما يستحي أحدكُم أَن يضْرب امْرَأَته كَمَا يضْرب العَبْد يضْربهَا أول النَّهَار ثمَّ يضاجعها آخِره.

ئەم فەرمودانە زەمی ئەو پیاوانە دەکات کە توندو تیژی بەرامبەر هاوسەرەکانیان ئەنجام دەدەن پاشان دەچن جووت دەبەن لە گەڵیان دا، کە وابێت گەر ژیانی ٦٣ ساڵی پێغەمبەر ( د.خ ) بە هێمنی بخوێنیتەوە کە خاوەنی چەند خێزانێك بوە، چوار کچی بەخێو کردووە دەستی لە ئافرەتێك بەرز نەکردوەتەوە، بەڵکو قسەیەکی کاڵی بە ئافرەتێك نەوتوە، نابێت کرداری کەسانی خوا نەناس و گێل و نەفام لەسەر ئیسلام هەژمار بکرێت، ونابێت وتاری مەلایەکی بێ ئیجازە و نەزان لە بنەماکانی ووتار بکرێتە بەڵگە .

دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ساڵانە بابەتی توندوتیژی دەخاتە باس و لێکۆڵینەوەوە، وەك وزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەریمی کوردستان لەگەل هاتنەی ڕۆژی ٢٥ تشرینی دووم تەوەری وتاری پێشنیار کراوی ڕۆژی هەینی بابەتی ئافرەت بەرچاو کردووە و چەندین جار بابەتی ئافرەتان لە تەوەرەکاندا ئاماژی پێ کراوە.

**گەر ژیانی ٦٣ ساڵی پێغەمبەر ( د.خ ) بە هێمنی بخوێنیتەوە کە خاوەنی چەند خێزانێک بوە، چوار کچی بەخێو کردوە دەستی لە ئافرەتێک بەرز نەکردوەتەوە**



# ئافرەت و چەمکی توندوتیژی و ئاسایشی نیشتمانی لە روانگەی هاووڵاتییانەوە

توندوتیژی و ئاسایشی نیشتمانی لەوانەیە لە رووکاردا دوو چەمکی جیاواز بن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا و لە زۆر رووەوە پێکەوە گرێدراون، بە درێژایی مێژووش توندوتیژی دیاردەیەک بووە کە ژینگەی مرۆڤ و ئاسایشی نیشتمانیی هەموو جیهانییانی رووبەڕووی مەترسی کردووەتەوەو تا ئێستاش مەترسییەکانی بە رێژەی جیاواز لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەردەوامەو هەڕەشە لە ئاشتەوایی و پێکەوەژیان دەکات، شارەزایانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاسایش و سەقامگیریی نیشتمان تا رادەیەکی زۆر دەکارێ رێژەی توندوتیژییە جۆراوجۆرەکان کەم بکاتەوە. هەر لەبارەی کاریگەرییەکانی توندوتیژی و ئاسایشی نیشتمانی لەسەر ئافرەت و کۆمەڵگە و رۆڵی خانمان لە نەهێشتنی توندوتیژی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی، بەشداربووانی ئەم راپۆرتە راوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شیلان جەبار سەرۆکی ڕێکخراوی دایک، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاجیادا تێپەڕ بووە، کە دەکرێت بۆ چەند بەشێک پۆلێن بکرێت، چونکە لایەنە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکانی لە کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگی داوەتەوە. لەسەدەکانی رابردووە ئافرەت کاڵاک بووە کە بە دەستی پیاوان مامەڵەی پێوە کراوەو بە خواست و ئارەزووەکانی ئەوان ئافرەت جووڵاوەتەوە، تەنانەت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا کە دەستنیشانکردنی پیاوێک بووە بۆ هاوسەری، بڕیار لای پیاوان بووە، نەک ئافرەتەکە خۆی. لەهەر لەو سەردەمانەدا ئافرەتانێکیش هەبوون کە خاوەن بڕیار و سەنگی خۆیان بوون و پیاوان پرس و رایان پێکردوون، بەڵام ئەم نموونەیە بە هۆی وابەستە بوون بە نەریت و دابە کۆمەڵایەتییەکانەوە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەر ناکات.» هاوکات دەڵێت: «رۆڵی ئافرەتان لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی دەگەڕێتەوە بۆ جووڵانەوەکانی کوردی لە کوردستان و لە جیهانیش هاوشان بووە لەگەڵ بزاوتە نوێخوازییەکان بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکان و پاراستنی نیشتمان و بەهاکانی مرۆڤایەتی. ئەگەر پرسی ژن ببەستینەوە بە ئاسایشی نیشتمانی، ناکرێت رۆڵ و پێگەی ژنانی سەدەکانی رابردوو لەیاد بکەین، چونکە ئەوەی بەدەست هاتووە، بەشێک لە مێژووی قوربانیدانی ئەوان بووە بۆ سەرخستنی پێگەی ژن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە کوردستان، لەم قۆناغەی ئێستاشدا ئافرەتان رۆڵ و کاریگەری تەواویان لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەیە، چی لەبەرگری لەخاک وەکو هێزی ژنان و چی لە ڕێکخستنی یاسا و پێگە ئیدارییەکان، لەگەڵ ئەمانەش ئافرەتان توانای ئیدارەدانی کارگێڕیی بەهێزیان هەیە کە دەتوانن کۆمەڵگە بە گەڕ بخەن و سیستەمی ژیاری دابنێن، ناکرێت لەم باسەشدا سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەتەکان نادیدە بگرین کە رۆڵی راستەوخۆیان لە دەستەبەری ئاسایشی نیشتمانی دەبێت.»

کوێستان فتووحی چالاکی مافی مرۆڤە و بە پێویستی دەزانێت سەرەتا پێناسەیەکی روون بۆ چەمی توندوتیژی هەبێت و هاوکات دەڵێت: «ئێمە هەر ئەو پێناسەیە دەکەینە بنەما کە پەیماننامەی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەیەتی. واتە هەرجۆرە کردەوە و رەفتارێکی توندوتیژ کە لەسەر بنەمای جنسییەتی بێ و ببێتە هۆی ئازاردانی رۆحی و جەستەیی دەچیتە خانەی توندوتیژییەوە. بە دڵنیاییەوە توندوتیژی لە دژی ژنان کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر تەواوەتی کۆمەڵگە هەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژنان رەفتاری توندوتیژیان لەگەڵ بکرێ، بە بڕوای من ئەو کۆمەڵگەیە لە بناغەڕا لە زۆر رووەوە کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و دارووخاوو دەبێ. چونکە ژن کارەکتەرێکی گرنگی کۆمەڵگەیە. ژن کە لە کۆمەڵگەدا ئەمنییەتی رۆحی و رەوانی نەبێ، ناتوانێ رۆڵێکی ئیجابی لەو کۆمەڵگەیەدا بگێڕێ. دابینبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵگە لە هەر بارێکەوە، بەستراوەتەوە بە دابین بوونی ئەمنییەتی رۆحی و رەوانی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک ژن، پیاو، پیر، جەوان و منداڵ، کە هەریەک لەمانە پێکهێنەری کۆمەڵگەن. توندوتیژی بۆ نموونە لەگەڵ هەریەک لەو توێژانە دەتوانێ ئەو کۆمەڵگەیە لە زۆر بارەوە بخاتە مەترسییەوە. بەتایبەتی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان شاکلیلی دارمانی کۆمەڵگەیە. نموونەیەکی زۆر سادەی ئەوەیە دایکێک کە توندوتیژی بەرانبەر دەکرێ، چۆن دەتوانێ منداڵێکی سالم و بڕوابەخۆ تەحویلی کۆمەڵ بدات؟ بەگشتی رۆڵی ژنان لە سڕینەوەی توندوتیژی دژ بە خۆیان زۆر گرنگە. ژن کە ئاگایی حقووقی هەبوو، کە بەشداری و رۆڵی کارای لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و پەروەردە، سیاسی و سەربازیدا هەبوو، ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێ هەنگاوی گەورە بنێ. هەر وڵاتێک ئەگەر بیەوێ هەنگاو بەرەو پێشکەوتن بنێت، دەبێ مەیدان و بواریش خۆش بکات بۆ بەشداری کارای ژنان لەو بوارانەدا و پاراستی مافی ئینسان بە هەموو لایەنێکیەوە. هەروەها ئەمەش یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان: لە ماددەی ٤ی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنادا هاتووە: دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو، نابێ هیچ دابونەریت، یان تێبینیی ئایینی، بکرێتە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان و بێ راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەرئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن.»

شیلان محەمەد دەرچووی کۆلێژی یاساو رامیاری بەشی زانستە رامیارییەکانەو وەک لێکۆڵەر و چاودێرێکی سیاسی رایوایە: «توندوتیژی و نەپاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، کاریگەرییەکی ئێجگار زۆر لەسەر دەروون و ژیانی تاک و کۆمەڵگە دادەنێن و لەم نێوەندەشدا ئافرەتان بەدەر نین لەکۆمەڵگە و لە لێکەوتەکانی ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی کە نەبوون، یان لاوازبوونی ئاسایشی نیشتمانی دروستی دەکەن.» هەروەها بە پێویستی دەزانێت: «چاوێکی وردبینانە بەو یاسایانەدا بخشێندرێتەوە، کە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەییمان دەپارێزێ، بە مەبەستی

**ئەگەر جاران ژن بە هۆی فاکتی کۆمەڵایەتی دەکوژرا و رۆح و جەستەی دەهاڕدرا، ئەوە ئێستا قوربانییەکانی بە هۆی ستەمی داگیرکاری و داگیرکەرانی کوردستانەوە زۆر فراوانتر بووە**

**ئێستا خەریکە هەمان تاوانەکانی تیرۆریستانی دڕندەی داعش جارێکی دیکە لە لایەن حەشدی وەحشی شیعی دووپات دەبێتەوە. ئێستا زەبر و زەنگ رووبەرێکی یەکجار بەرفراوانتری دژی ژنی کورد بەخۆوە گرتووە**

**لەو ماوەیەدا کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ کە لە دەست داعش رزگاری ببوو، دوای گەڕانەوەی بۆ لای خزم و کەسی ئاشکرای کرد کە زیاتر لە ١٠ جار لە لایەن تیرۆریستە دڕندەکانی داعشەوە فرۆشتوویانە. ئایا ئەم منداڵە ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆی هەبا کە ئاسایشی نیشتمانییەکەی سەقامگیر بووایە، ئەوەی بەسەر دەهات؟»**

**راستە کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانییە و ژنان لە شوێنی جیاواز بە رادەی جیاواز دەچەوسێنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێت، بەڵام کێشەی ژنی کورد لە دۆخی ئێستادا کێشەیەکی زۆر بەرچاوترە، لە بەر ئەوەی جارێکیش بە هۆی داگیرکردنی وڵاتەکەیەوە دەچەوسێتەوە**

**پێویستە پێناسێکی نوێ و روون بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێ و هێڵە سەرەکییەکانی دیاری بکرێ و حوکم و سزاکەشی بە رەچاوکردنی پاراستنی شکۆی مرۆڤ و ئەو پرەنسیپانە بێت کە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا پەیڕەو دەکرێ**

**ژن کە ئاگایی حقووقی هەبوو، کە بەشداری و رۆڵی کارای لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و پەروەردە، سیاسی و سەربازیدا هەبوو، ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێ هەنگاوی گەورە بنێ**

هەموارکردن و جێبەجێکردنی و لەبەر رۆشنایی حوکمەکانیدا لێپێچینەوە لەهەرکەس و گرووپ و پارت و دامەزراوەیەکی میدیایی بکرێ، کە ئاسایشی نیشتمانی دەخەنە مەترسییەوە، بەو مەرجەی پێناسێکی نوێ و روون بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێ و هێڵە سەرەکییەکانی دیاری بکرێ و حوکم و سزاکەشی بە رەچاوکردنی پاراستنی شکۆی مرۆڤ و ئەو پرەنسیپانە بێت کە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا پەیڕەو دەکرێ .» هاوکات دەڵێت: «ئەو ئەرکەی لەسەر ئافرەتان هەیە لەژیانی سەردەمدا ئەرکی پیاوانیشە، واتە ئەگەر لەنێو خێزاندا ئافرەت (دایک) بێ ئەوا پیاویش(باوک)ە و لە ئەرکی گشتیدا هەردوو رەگەزی (ژن و پیاو) مامۆستان و بگرە پیاوان زیاتر ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی بوارەکانی (سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئەمنی) بەدەست پیاوانەوەیە و تەنها بەشێکی بواری پەروەردە بۆ ئافرەتان ماوەتەوە، کە سەرەکیترین و گرنگترینە، چونکە پەروەردەی دروست بنچینەی پێگەیاندنی کەسایەتی و هزری تاکی دروست و ئاشتیخوازە، لەم رووەوە ئەرکی هەموو لایەکمانە، چ وەک حکومەت و دامەزراوەکانی و چ وەک تاک و گرووپ و میدیا و رێکخراوەکان، هاوتەریب هەوڵ بدەین بۆ دەستەبەرکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی پێشکەوتوو .»

شەهلا دەباغی وەک چالاکێکی نەتەوەیی و دوورەوڵات سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «راستە کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانییە و ژنان لە شوێنی جیاواز بە رادەی جیاواز دەچەوسێنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێت، بەڵام کێشەی ژنی کورد لە دۆخی ئێستادا کێشەیەکی زۆر بەرچاوترە، لە بەر ئەوەی جارێکیش بە هۆی داگیرکردنی وڵاتەکەیەوە دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە: هەر لەو ماوەیەدا کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ کە لە دەست داعش رزگاری ببوو، دوای گەڕانەوەی بۆ لای خزم و کەسی ئاشکرای کرد کە زیاتر لە ١٠ جار لە لایەن تیرۆریستە دڕندەکانی داعشەوە فرۆشتوویانە. ئایا ئەم منداڵە ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆی هەبا کە ئاسایشی نیشتمانییەکەی سەقامگیر بووایە، ئەوەی بەسەر دەهات؟» هەروەها گەورە و بچووک و ژن و پیاوی کورد، بەردەوام لەژێر سێبەری زەبر و زەنگی دەوڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا دەژین، ژنی کوردیش نەک هەر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەک پلە دوو حیساب دەکرێ، هەمیشە بووەتە ئامانجی هێرشی دەستدرێژی داگیرکەران و قوربانی بووە. واتە ژنی کورد هەم وەک رەگەز و هەم وەک تاکی نەتەوەی ژێردەست، نێچیرێکە کە داگیرکەران لە سەر خاک و نیشتمانی زەوتکراوی خۆی جەستە و رۆحی تێک دەشکێنن. ئەوجا کە داگیرکاری لە دۆخی نێوە ئاشتی، بەرەو دۆخی شەڕ دەڕوات ئەو مەترسییەکان چەند قات دەبێت. ئەگەر چاوێک لە ساڵانی دوای هێرشی داعش لە ئابی ٢٠١٤ بکەین، دەبینین هاوکات کە ئەو ماوەیە زیاتر لە دوو هەزار پێشمەرگە شەهید بوون، زیاتر لە شەش هەزار ژنیش بە دیل گیراون و وەک جاریە فرۆشتراون. ئێستا خەریکە هەمان تاوانەکانی تیرۆریستانی دڕندەی داعش جارێکی دیکە لە لایەن حەشدی وەحشی شیعی دووپات دەبێتەوە. ئێستا زەبر و زەنگ رووبەرێکی یەکجار بەرفراوانتری دژی ژنی کورد بەخۆوە گرتووە.» گوتیشی: «ئەگەر جاران ژن بە هۆی فاکتی کۆمەڵایەتی دەکوژرا و رۆح و جەستەی دەهاڕدرا، ئەوە ئێستا قۆربانییەکانی بە هۆی ستەمی داگیرکاری و داگیرکەرانی کوردستانەوە زۆر فراوانتر بووە. ئەوە بەو مانایە نییە کە لە رابردوودا داگیرکاران کەمیان ستەم لە دژی کورد و ژنی کورد کردبێ، بەڵام ئێستا کە کورد بڕیاری داوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات و رێگای خۆی هەڵبژێرێ، گەلەکۆمەکیی لێ دەکەن و لە هەموو لایەکەوە شەڕی پێ دەفرۆشن، بەوەش وەک هەموو جەنگەکانی دیکەی مێژوو، ژن زیاتر دەبێتە تابلۆی پێکان و قوربانی دەکرێن. بۆیە پێویستە و دەبێت بە ژن و پیاو و بە گەنج و پیرمانەوە وەک کورد دژی داگیرکەران بۆ دیاریکردنی مافی رەوای خۆمان راپەڕین. کورد دەبێ ئەوەی لەدەستی دێت، بیکات تا لە ستەم و کۆیلەیەتی و ژێردەستی و هەڕەشەکان رزگاری دەبێت .

ناسک سەعید-خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەمیدیاو کەلتوور- و جگە لەوەی نووسەر و توێژەرە، کارگێڕی راگەیاندنی دەستەی راپەڕاندنی کارەکانی هەڵمەتی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانە و سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پرسی توندوتیژی، پرسێکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، لەناو کۆمەڵگەشدا ئافرەت زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و لەنێوەندی جەنگ و پاش جەنگەکانیش لەهەموو رەهەندەکانەوە ئافرەت و منداڵ کارەکتەری قوربانیدەری جەنگەکان. لەم سۆنگەوە دەبینین هەر کاتێک ئاسایشی نیشتمانی کەوتە مەترسییەوە ژیانی ئافرەتانیش دەچێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و رووبەڕووی شێوازەکانی توندوتیژی دەبنەوە وەک توندوتیژی سێکسی، دەروونی و جەستەیی و جۆرەکانی دیکە. بۆ کاردانەوەی ئەو حاڵەتە توندوتیژییانەی روودەدەن، دەبێت هەمیشە ئافرەت ئامادەسازی خۆی بکات و رۆڵی سەرەکی ببینن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ئەگەری روودان، یان

ڕێگریکردن لە حاڵەتەکانی توندوتیژی بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی توندوتیژی بوونەوە، کاریگەری خراپ لەسەر دەروونیان بەجێ نەهێڵێت، هەرچەندە ئەم حاڵەتەش ئەستەمە لەهەموو ئافرەتێکدا وەک یەک بێت، بەو مانایەی هیچ مرۆڤێک لە رووی بەهێزیی دەروونیەوە لەیەک ئاستدا نییە، هەتا بتوانرێت لە هەموویاندا باری دەروونییان جێگیر بێت، یاخود کاریگەری نەرێنی دروست نەکات.» هاوکات دەڵێت: «لەکاتی ئاسایشی نیشتمانیدا ئافرەتان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە گەیاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەمەش فاکتەری بنەڕەتییە بۆ نەهێشتنی جۆرەکانی توندوتیژی و دەبێت ئافرەتان هۆشیاربن لەبەرامبەر جۆرو مۆدێلەکانی توندوتیژی بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت و مافیان بەرجەستە بکرێت، گرنگە کۆمەڵگەش هۆشیار بێت لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو چوارچێوەیەشدا مافی ئافرەتانیش دەپارێزرێت، بۆ بنبڕکردنی ئەو حاڵەتانەش لە هەموو کایە و سێکتەرەکاندا سەرەتا دەبێت ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی فکری توندوتیژی و توندەڕەی بکرێت و نەهێڵدرێت بکرێتە فەرهەنگ، بۆ ئەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ژیانێکی دوور لە توندوتیژی بژین .»

یاساناس و مافپەروەر شاخەوان خالید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی دژی ئافرەتان هەموو ئەو کارە توندو تیژانە دەگرێتەوە کە لە دژی ئافرەتان بە کار دەهێنرێن، هەر چەشنە کردەوەیەکی توندوتیژ لە سەر بناغەی رەگەزی کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی فیزیکی، جەستەیی و دەروونی بە کردەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئێش و دەرد و ئازار تووشی ئافرەتان بکات، نیشانەی توندوتیژییە. ئەم جۆرە کردەوانەش لە فۆرم و قاڵبی جۆراوجۆردا دەبێت و جەستەی ئافرەتان، یان باری دەروونییان دووچاری زەرەر و زیانی زۆر دەکاتەوە، بەمەش ئافرەتان دەکەونە حاڵەتی چەوساندنەوەی رەگەزی و ئەوەش بە شێوەیەك کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دەبێت و مەترسی لەسەر دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئاسایشی نیشتمانییان پارێزراو نابێت، ئەگەر توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هەبێ و هەموو کات لەمەترسیدا دەبێ، ئەگەر هەوڵی نەهێشتنی ئەو توندوتیژییە نەدەین.» گوتیشی: «ئافرەتی کورد هەموو کات بەشێك بووە لە ئاسایشی نیشتمانیمان، لەماڵدا لە غیابی هاوسەرەکەی پارێزگاری لە ماڵ و منداڵەکانی کردووە و لە مەترسییەکان پاراستوونیەتی و لە دەرەوە شان بەشانی پیاو لە کاروچالاکیدا بووەو پێشمەرگە بووەو بەرگری لە نیشتمان کردووە، بۆیە رۆڵی ئافرەت لەپاراستنی ئاسایشی نیشتمانی زۆر گرنگە و دەبێ گرنگیت زیاتر بەو رۆڵەی بدرێت، لەبەر ئەوەی چەندە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بکرێ، ئەوەندە کۆمەڵگە لە مەترسیدا دەبێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاسایشی نیشتمانیمان پارێزراو بێت، دەبێت توندوتیژی دژ بە ئافرەتان نەهێڵدرێت.»

سنۆبەر سابیر رەشید ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە رایانوایە بە درێژایی مێژوو توندوتیژی دیاردەیەك بووە کە ژینگەی مرۆڤ و ئاسایشی نیشتمانیی هەموو جیهانییانی رووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە و تا ئێستاس مەترسییەکانی بە رێژەی جیاواز لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەردەوامە و هەڕەشە لە ئاشتەوایی و پێکەوەژیان دەکات. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «توندوتیژی و ئاسایشی نیشتمانی پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «کاتێک ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسییەوە و وڵاتێک هێرش دەکرێتە سەری، یان داگیر دەکرێت، توندوتیژی هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی پێشێل دەکرێن و تاوانەکان جەنگییەکانیش زیاتر بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت، وەک ئەو دەستدرێژییانەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردانی ئێزیدی کە ئەنجامیان دا و ئێستا چەکدارانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خەریکن لە هەموو ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دووبارەی دەکەنەوە.»



**توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان شاکلیلی دارمانی کۆمەڵگەیە. نموونەیەکی زۆر سادەی ئەوەیە دایکێک کە توندوتیژی بەرانبەر دەکرێ، چۆن دەتوانێ منداڵێکی سالم و بڕوابەخۆ تەحویلی کۆمەڵ بدات؟**

**دابینبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵگە لە هەر بارێکەوە، بەستراوەتەوە بە دابین بوونی ئەمنییەتی رۆحی و رەوانی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک ژن، پیاو، پیر، جەوان و منداڵ، کە هەریەک لەمانە پێکهێنەری کۆمەڵگەن**

**لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژنان رەفتاری توندوتیژیان لەگەڵ بکرێ، بە بڕوای من ئەو کۆمەڵگەیە لە بناغەڕا لە زۆر رووەوە کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و داڕووخاوو دەبێ. چونکە ژن کارەکتەرێکی گرنگی کۆمەڵگەیە**



# توندوتیژی بە پاساوی شەرەف شکۆی ئافرەت و کۆمەڵگاش دەشکێنێت

توندوتیژیکردن بەرامبەر بە ئافرەتان بە بیانووی پاراستنی شەرەف هێشتا بەشێکە لە واقیع و ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردییش لەو پەتایە بەدوور نییە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی کوشتن لەسەر شەرەف لە ساڵی٢٠٠٠ بەملاوە، لەهەڵکشاندا بووە و کەمتر نەبۆتەوە. ساڵی ٢٠١٥ وڵاتەکانی پاکستان، تورکیا، هیند، عێراق بە کوردستانی باشوورەوە، بەنگلادیش، ئۆردن، فەلەستین و لوبنان زۆرترین ڕێژەی کوشتنی ئافرەتیان لەسەر شەرف هەبووە. لەکاتێکدا هەموو ئەم وڵاتانە پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا واژۆ کردووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لەدیدی جیاوازەوە شرۆڤەی بابەتەکە دەکەن، سەرۆکی حزبێکیش دەڵێت: «هەوڵدان بۆ خاپاندنی ئەو ئافرەتانەی کەوا لە بوارەکانی ژیاندا کاردەکەن لەلایەن پیاوانەوە بۆ تێرکردنی حەزەکانیان، یەکێکە لەو شێوازانەی کەوا دەتوانین ناوی بنێین (توندوتیژی نەرم)، بێگومان ئەم حاڵەتە زۆر جار ڕوویداوەو لە ئەنجامیشدا ئافرەتەکە زیانمەند بووە؛ ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەستدرێژییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئافرەتان و لە ڕێی فێڵ و درۆ و خاپاندنەوە جێبەجێ دەکرێت.»



گوڵان: کۆمەڵایەتی

کوشتن لەسەر شەرەف لە جیهاندا مەسەلەیەکی گرنگ بووەو لەساڵی ٢٠٠٠دا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەقی ڕێککەوتنێك لەسەر تاوانەکانی شەرەف بڵاوکرایەوە. ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجومەنی گشتی ڕێکەوتنەکەی پەسەند کرد بۆ کارکردن بۆ بنبڕکردنی تاوانەکانی دژ بە ئافرەتان بەناوی شەرەفەوە (بڕیارنامەی ٥٧ / ١٧٩ی نەتەوەیەکگرتوەکان). پەیماننامەکە داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکان دەکات کە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی شەرەف بکەن و ئەنجامدەران سزابدەن و ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەانە بگرنە بەر کە ڕێگە لە ڕوودانی ئەو تاوانانە بگرێت. سەرەڕای هەموو ئەو باسانە ڕێژەی کوشتن لەسەر شەرەف کەم نەبۆتەوە و دەکرێ هۆکارەکانی ئەم تاوانە لە بازنەیەکی لۆکاڵدا بدۆزینەوە. ڕاستە ئامارەکانی توندوتیژی ڕوو لە زیادبوونە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ساڵانە ڕێژەی دانیشتووان زیاتر دەبێت و ئەگەری ئەوەش هەیە، کە دیاردەی توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتان پێشتر بەهۆی دابونەریتەوە پەردەپۆش کرابن و تۆمار نەکرابن،یان لە چوارچێوەی یاسای هەندێک وڵاتدا بە توندوتیژی و تاوان هەژمار نەکرابێ، بەڵام ئێستا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئاستی وشیاربوونەوەی ئافرەتان، توندوتیژییەکان تۆمار دەکرێن و لێی بێدەنگ نابن.

چیمەن ڕەشید کارگێڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە دهۆك و سەرەتا جۆرەکانی توندوتیژی بەمجۆرە پۆلێن دەکات: (جەستەیی، دەروونی، سیاسی) و هاوکات دەڵێت: «لە زۆر حاڵەت ئافرەت بە بیانووی جۆراوجۆر دەبێتە قوربانی و دەکوژرێت، ئەگەر نەشکوژرێت، بە قسە یان بە ئازاردانی جەستەیی توندوتیژی لە دژی بەکار دێت، بەوەش تووشی کێشەی دەروونی دەبێت و زۆر جار دەگاتە بڕیای خۆکوشتن، هەروەها خێزانەکەی لە ناو کۆمەڵگە باجی گەورە دەدەن و لە زۆرحالەت ماڵیان دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دووری نادیار لەبەر شەرم و قسە و قسەلۆکی خەڵك، زۆر جاریش تێکەڵی و پەیوەندییەکانی کەسوکارو دراوسێکان دەپچڕێت، یان کەم دەبێت، تاکو دەگاتە ئەو ڕادەی ناهێڵین کچ و کوڕیان خێزانداری لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە پێك بێنن. ئەمانە لە حاڵەتێکدان ئەگەر کچەکە نەکوژرێت، ئایا

**دەبێت وا سەیری ئافرەت بکەین، کە شکستی ئافرەت لە کۆمەڵگە و خیزاندا بە شکستی خۆمانی بزانین و پاراستنی شکۆی ئافرەت لە بەر چاو بگرین**

ئەم هەموو هەڵسوکەوتە کە دەکرێت لەگەڵ ئافرەتەکە و خێزانی نابێتە هۆی بڕیاری هەڵەی وەک کوشتن، یان خۆکوشتن؟ بێگومان بەداخەوە ئامارەکان وڵامی ئەوەیان داوەتەوە.» گوتیشی: «ساڵی ٢٠٠٣ یاسایەکی تایبەت هەموار کرا سەبارەت بە کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی شەرەف کە وەك تاوان رەفتار لەگەڵ کەیسەکە بکرێت، جێگەی شانازییە کە ئەم یاسایە و چەندین یاسای باش لەلایەن رێکخراوەکان ئافرەتانی کوردستان وەك پرۆژە پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کران و من یەکێك بووم لەو لیژنەیەدا و بە هاوکاری برای بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ماندووبوونی یەك ساڵ ئەم یاسایەی کە ئێستا دەبینین، هەموار کرا. بۆیە ئێمەی ئافرەتان قەرزاری جەنابی سەرۆکی حکومەتین، ئێستا تا رادەیەک کێشەی کوشتنی ئافرەت بە پاساوی شەرەف کەم بووەتەوە و هێدی هێدی یاسا رۆڵی خۆی دەبینێت.» هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «لە رابردوودا زۆرجار ئافرەت دەکوژرا بە هۆی دوژمنداری، یان هەر شتێکی تر، کەچی دەیانگوت بڵێن لە بەر شەرەف بوو، تاوەکو ئەو کەسە عەفو بکرێت و سزا نەدرێت. واتە هەموو کات ئافرەت لە ترس و زێرەڤانیدا بووە، تاوەکو نەبێتە قوربانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە کومەڵایەتییەکان، یان سوڵحی عەشایەری، هەڵبەت ئەم دیاردەیە زیاتر لە پێش هەموارکردنی یاساکەدا بوو.»

سەبارەت بەهەمان پرس غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بۆ گوڵان گوتی: «کارکردنی ئافرەت لە کایەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بێ گرفت نەبووە؛ ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستان رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوەو دەبێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ئافرەت، زۆربەی جارەکانیش ئافرەت دەبێتە قوربانیی ئەم شێوازە تێگەیشتنەی کۆمەڵگە، لێرەدا دەمەوێ باس لە شێوازێکی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بکەم کە ئەویش (توندوتیژی نەرم)ە، هەوڵدان بۆ خاپاندنی ئەو ئافرەتانەی کەوا لە بوارەکانی ژیاندا کاردەکەن لەلایەن پیاوانەوە بۆ تێرکردنی حەزەکانیان، یەکێکە لەو شێوازانەی کەوا دەتوانین ناوی بنێین (توندوتیژی نەرم)، بێگومان ئەم حاڵەتە زۆر جار روویداوەو لە ئەنجامیشدا ئافرەتەکە زیانمەند بووە؛ ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەستدرێژییەکی راستەوخۆیە بۆ سەر ئافرەتان و لە ڕێی فێڵ و درۆ و خاپاندنەوە جێبەجێدەکرێت.» مەخمووری جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زۆر گرنگە بە چاوێکی یەکسان و ڕێزلێگیراو مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکرێت، بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت ئەو توانایەی کە هەیەتی لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بەکاری بهێنێت، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمانە شکۆی ئافرەت بپارێزین و هەوڵبدەین رۆڵی کاراتر بگێڕن لە خزمەتکردن و بنیادنانەوەی وڵات، ئەوەش بەوە دەکرێت کەوا خۆمان لە جیاوازی رەگەزی و رۆحیەتی پیاوسالاری بپارێزین. دەبێت روانینمان وابێت کەوا دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان واتە دەستدرێژی بۆ سەر مرۆڤایەتی، خاپاندنی ئافرەتان واتە دوورکەوتنەوە لە بەهاکانی مرۆڤایەتی؛ واتە شکاندنی هەیبەت و شکۆی مرۆڤ.»

چالاکی پاراستنی مافەکانی ئافرەت لەیلا دیوبەند، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەتا ئێستاش سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی، سەرەڕای خەبات و قوربانییە زۆر و زەوەندەکانی ژنان، هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردەواری ژن وەك موڵکی نێرینە و پیاو وەك خاوەنی راستەقینەی ژن چاوی لێدەکرێ. ئەم عەقڵییەتە زاڵە بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەو هەڵسووکەوتی پیاوانی کوردو تەنانەت سیستەمی بەڕێوەبەری و پەروەردەییشدا. بەشێکی بەرچاو لە ئاسەوار و کارتێکەرییەکانی ئەم دۆخە و درێژەکێشان و مانەوەی، هێژمۆنی رۆحی و دەروونی کەلتوورێکی هاوردەی بیانییە کە مێژووەکەی بۆ پتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.» گوتیشی: «ساڵانە هەزاران ژن لە جیهاندا بە بیانووی پارێزگاری لە شەرەف و نامووس دەکوژرێن و ئازاری جەستەیی، رۆحی، لەفزی دەدرێن. بەداخەوە کوردیش پشکی هەرە زۆری لە چاو پانتایی و ژمارەی خۆی لەو تاوانەدا بەرکەوتووە. ئاسەوارەکانی چەوساندنەوەی ژنان لەو شکڵ و شێوازە باوانەدا و بەتایبەتی بە بیانووی شەرەف و نامووس زیانی گورچبڕی لە کۆمەڵگەی پیاوسالار داوە، کە دەتوانم بە کورتی ئاماژە بە بەشێك لە ئاسەوار و کاریگەرییەکانی بکەم. بەر لە هەموو شتێ توندوتیژی بەرانبەر ژنان لە جێدا رووشاندن و رماندنی کەرامەت و هەیبەتی نیوەی کۆمەڵگەیە کە ئەوەش بێگومان کاریگەریی نێگەتیڤ لە سەر سەرلەبەری جومگە کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابووری و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگە دادەنێت. هەروەها بێحورمەتی و شکاندنی ژنان لە کۆمەڵگەدا جگە لەوە بارێکی قورسی دەروونی لە زەین و روانگەی تاکەکاندا پێکدەهێنێ، هاوکات دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە بە شێوەی گشتی. ترس و دڵەڕاوکێ لە ژناندا و هەروەها هەست نەکردن بە ئاسوودەیی و دڵنیایی لە پاڵ خێزان و کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا و کۆتایی بە گەشە و نەشەی خانەکانی مێشك بۆ بەرەوپێشچوون لە کۆمەڵگە و خێزاندا دەهێنێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە یەکەم قوربانیی ئاسەوارەکانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان، منداڵان و نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگەن، بەتایبەتی کە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵان بە شێوەی سرووشتی لە ئەستۆی دایکان و ژنانە، لەم حاڵەتەدا ئایا کەسانێك کە خۆیان سەرەتاییترین مافەکانیان پێشێل دەکرێن و دەکەونە بەر شەپۆلی بێحورمەتی و ئەتککردن، دەتوانن نەوەکانی داهاتوو بە سەلامەتی رادەستی کۆمەڵگە بکەن؟ ئەمانە و

**بەداخەوە لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی بە کوردستانیشەوە. خوێندنەوەیەکی ناتێگەیشتووی پاسیف بۆ ئافرەتان دەکرێت**

**پێویستە بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت و گشتگیر دابنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریمان بەرامبەر بە هەر کەیسێکی توندوتیژی، ئەگەر هاتو لە داهاتوو رووبەڕوومان بوویەوە**

**مەسەلەی توندوتیژی لەژێر هەر ناوێکدا بێت گەر کونترۆڵ نەکرێت لە دواجاردا ئاسایشی نیشتمانی دەخاتە ژێر مەترسییەوە و دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە لە هەمان کاتدا**



دەیان ئاسەواری دیکە، بەرهەمی چەوساندنەوەی ژنانن لە کۆمەڵگەدا، هیوادارم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی هەست بەو راستییە تاڵانە بکەن، کە کوشتن و ئازاردانی ژنان بە بیانووی شەرەف و نامووس جگە لەوەی تاوانێکی قێزەون و نامرۆڤانەیە بەرانبەر مرۆڤایەتی، هاوکات مەترسییەکی گەورەش لەسەر ژیان و چارەنووسی مرۆڤ دروست دەکات.

نووسەر و چاودێری سیاسی سەلاح ئاکرەیی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ژێر هەر برو بیانوویەکدا بێت، تاوانێکە دەرحەق بە مروڤ دەکرێت. ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی و پێشکەوتوون و ئەو وڵاتانەی دواکەوتوون، جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکەین لە رووی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا سەروەریی یاسا وەك پرەنسیپێکی گرنگ لەپێناو پاراستنی یەکسانی و عەدالەتی کومەڵایەتیدا جێگیرە و ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان بە شێوەیکی گشتی لە چوارچێوەی یاسادا مومارەسە دەکرێن و ئەوەی کە تەحەکوم بە جومگەکانی وڵات دەکات، پرەنسیپی سەروەریی یاسایە و ئەمەش وایکردووە کە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لەوانەش مافی ئافرەتان تا رادەیەکی زور باش پارێزراو بێت و هەرەشەکانی سەر رەگەزی مێیینە کاڵ ببێتەوە، بە پێچەوانەوەش لە وڵاتانی دواکەوتوودا کومەڵێك فاکتەر بەدی دەکرێن کە هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی دژی ئافرەتانن و زاڵن بەسەر کومەڵگە داخراوەکاندا، لەوانە بوونی دابونەریتە کلاسیکییە کۆنەکان و باوکسالاری و پیاوسالاری و زۆر هۆکاری تری سوننەتی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان نەك هەر بکرێت بەڵکو رۆژ دوای رۆژ ئەم دیاردە قیزەونە پەرە بستێنێت و لەژێر ناوی شەرەفپارێزی زورێك لە کچان و ژنانی ئەمجورە کۆمەڵگەیانە ببنە قوربانیی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە خوسەپێنەکان. ئەو کاتانەی کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، ئەو مانایە دەگەیەنێت کە شکۆی ئافرەت وەك مروڤ کە مافی مومارەسەکردنی ئازادیی مەدەنی و سیاسی هەیە وەکو رەگەزی نێرینە، سووکایەتی پێدەکرێت و شکۆی دەشکێندرێت، چونکە هەروەك ئاماژەم پێدا لە ئاکامی نەبوونی سەروەریی یاسادا لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا ئەمە روودەدات. ئەمەو زۆر هۆکاری دیکە هەن، کە تەعبیر لە شکاندنی شکۆی ئافرەتان دەکەن، بۆیە پێویستە لە باشووری کوردستان هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کە بە رێژەیەکی زۆر پەرەی سەندووەو هەوڵەکانیش بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەپێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکەمان رێك بخرێن، چونکە مەسەلەی توندوتیژی لەژێر هەر ناوێکدا بێت گەر کۆنترۆڵ نەکرێت لە دواجاردا ئاسایشی نیشتمانی دەخاتە ژێر مەترسییەوە و دەبێتە هەرەشەیەکی گەورە لە هەمان کاتدا.»

لەلایەکی دیکەوە چالاکی مافناس باران محەممەد ئاماژە بەوە دەکات کە: «کارەساتێکی گەورەیە وا بیربکەینەوە کە ئافرەت کۆیلەیە و چۆنمان بوێت بەو جۆرە رفتاری لەگەڵ بکەین. بێگومان کۆمەڵگەی ئێمە لە رووی هەڵسوکەوتکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئافرەت نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بە شێوازێکی ئیجابی بیر لە رەگەزی بەرامبەری بکاتەوە کە ئافرەتە، ئەم بیرکردنەوە سلبییە کارەساتی زۆر گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش کاتێك کە ئێمە رفتارێك، یان کارێکی ئافرەتمان بەدڵ نەبێت، هەوڵ دەدەین رق و تووڕەیی خۆمان لەودا خاڵی بکەینەوە، ئەمە ئەگەر هیچی نەکردبێت کە پێچەوانەی عورف و عاداتی ئەو کۆمەڵەیە بێت، خۆ خوانەخواستە ئەگەر کارێك بکات، بەدڵی خێزان، یان بەرامبەری نەبێت، یان بەپێی عورف و عاداتی ئەو کۆمەڵگەیە نەبێت، دەبێت ئەو ئافرەتەی کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چاوەڕێی گەورەترین سزا و تۆڵە بێت لەلایەن کۆمەڵگە و خێزان و بەرامبەرەکەیەوە، بەداخەوە چەندین بەڵگە ئەم قسانەی من دەسەلمێنن کە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە بێبەزەییانە لە ئافرەت دەڕوانن. بۆ نموونە لەم ماوەی رابردوو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبوك دیمەنێکم بەچاوی خۆم بینی، کە بڕوا پێ نەکراوە، ئەویش کەسوکاری کچێك لە بەر ئەوەی کارێکی کردووە کە بەدڵی خێزانەکەی نەبووە، باوك و براکانی و خزمەکانی کە بە ڤیدیۆ تۆمارکراوە، لەو ئافرەتە تەمەن ٢٥ ساڵە دەدەن، بەبێ هیچ رەحم و بەزەیی و سۆزێك، دواتریش گرتە ڤیدیۆییەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە. بەداخەوە لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی بە کوردستانیشەوە. خوێندنەوەیەکی ناتێگەیشتووی پاسیف بۆ ئافرەتان دەکرێت، بۆیە پێویستە بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت و گشتگیر دابنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریمان بەرامبەر بە هەر کەیسێکی توندوتیژی، ئەگەر هاتو لە داهاتوو رووبەڕوومان بوویەوە. ئێمە دەبێت وا سەیری ئافرەت بکەین، کە شکستی ئافرەت لە کۆمەڵگە و خێزاندا بە شکستی خۆمانی بزانین و پاراستنی شکۆی ئافرەت لە بەر چاو بگرین.»